# شاری هەڵەبجە پیس مەکەن بە تەرمی عەلی کیمیاوی

**دلێر محمد عەلی**

17/7/2007

لێدوانی د. بەرهەم ساڵح و مقۆمقۆی هەندێ کەس و لایەن لەسەر ئەنجامدانی بڕیاری لە سێدارەدانی عەلی کیمیاوی لە شاری هەڵەبجە ، زۆر شت هەڵدەگرێ کە لایەنی نیگەتیڤ زیاتر بەخۆوە دەبینێت تاوەکو پۆزەتیڤ.

پێش هەموو شتێک سزادانی تاوانباران و چەسپاندنی ڕۆڵی یاسا یەکێکە لە بنەماکانی کۆمەڵگەی شارستانی. بەڵام چۆنیەتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا ڕووی شارستانێتی ئەو کۆمەڵگایە دەردەخات .

ئیمە وەک کورد زۆر گرنگ بوو بۆمان گەر دادگاییکردنی تاوانبارانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال لە کوردستاندا بکرایە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی قوربانیەکان ببنەوە و وەک ڕوداوێکی مێژوویی تۆمار بکرێت، بەڵام کە نەکرا لەبەر هەر هۆیەک بێت ، خۆشبەختانە هەندێ لە خواستەکانی ئێمە وەک کورد لە ئەنجامی دادگایی ئەنفالدا وەدیهات، وەک ناساندنی ئەنفال وەک ژینۆساید و سزادانی ژمارەیەک لە تاوانباران، لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدان لە شاری هەڵەبجە چی دەبەخشێت؟

ئەگەر ئێمە تەنها عەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیاوی) و ئەو چەند کەسە بەتاوانبار بزانین لەسەر پڕۆسەی ئەنفال و کیمیاباران ئەوا ئەو کێشە زۆر لاواز دەکەین و لە کێشەی ژینۆسایدی گەلێک دور دەخرێتەوە، بەڵام هەموو دەزانین کە ڕژێمی ئێراق هەمووی تاوانبارە، هەروەها ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە جاش و ئەفسەر و موخابەرات و ئەندامی خواروی ئەو ڕژێمەش تاوانبارن، ئایا ئەبێت ئەوانەش هەموو لە هەڵەبجە لە سێدارە بدرێن؟ شاری هەڵەبجەی پڕ مەینەتی کە لەدوای کیمیابارانی و کوژاندنەوەی پرشنگدارێتیی لە هەموو لایەکەوە پەراوێز کراوە، سەرەڕای ئەمانە بکرێتەوە بە جێی لەسێدارەدان و مۆرکی کوشتن و هەڵواسینی بەسەردا بسەپێنرێت، چی دەگەیەنێت؟

لە سێدارەدانی عەلی کیمیاوی لە هەڵەبجە وەک تۆڵە سەندنەوەیەکی خێڵەکی و بەرپاکردنی عەقڵیەتی عەرەبی کۆچەری (بەدو) زیاتر نایەتە بەرچاو، و لە تەکتیکێکی سیاسی حیزبە کورستانیە ئێراقیەکان بۆ هەست جوڵاندن زیاتر نیە بۆ دورخستنەوەی سەرنجی خەڵکی ئەو شارە لە پێداویستیە گرنگەکانی وەک پاککردنەوەی ژینگەی ئەو شارە، هێنانی ئاوی پاک بۆ خواردنەوە، پاککردنەوە زەوی وزار لە پاشماوەی ئەو ژەهرە، تیمارکردنی بریندارانی ئەو هێرشە دڕندەیە و زۆر پێداویستی تر کە دەسەڵاتی کوردی بەرپرسە لە پشتگوێخستنی.

ئایا بۆ سەرانی کورد و حیزبە ئێراقیەکان چەند دانیشتنێکی دادگایان نەبرد بۆ هەڵەبجە؟ ئایا بۆ هێشتیان دادگیایی دوجەیل پێش ئەنفال و هەڵەبجە بکەوێت؟ ئایا بۆ دادگایی کیمیابارانی هەڵەبجە دواکەوت بۆ دوای ڕاپەڕین؟ یان بەو کارە دەیانەوێت پەردە لەسەر کەیسی کیمیابارانی هەڵەبجە بپۆشن؟

پرسیار لەو دەنگانە دەکەم کە دەیانەوێت ئەو تاوانبارە کە خاکی پاکی هەڵەبجەی بە ژەهری کیمیاوی پیس کرد و ئێستاش بە لاشەی چەپەڵی پیسی دەکات (ئەگەر سەربگرێت) ، ئایا دەیانەوێت ئەو تاوانبارە لەبەردەم خەڵکی هەڵەبجە لەسێدارە بدرێت؟ ئەگەر ئەوەیان دەوێت ئایا ئەو منداڵانەی ئەو کارە دەبینن چی فێر دەبن؟
خۆ ئەگەر لە شوێنێکی شاراوەش ئەنجام دەدرێت ئایا جیاوازی چیە گەر لە هەلەبجە بێت یان شوێنی تر؟

به بۆچونی من سزادانی ئەو تاوانبارانە کارێکی دڵخۆشکەرە ، و مانای بەرقەراربوونی یاسایە ، بەڵام جێبەجێکردنی لە هەڵەبجە زیانبەخشترە تاوەکو سودبەخش. و نەریتێکی خێڵەکی دواکەوتووە کە زاڵ دەکرێت بەسەر خەڵکی ئەو شارەدا کە لە ماوەی ئەم 40 ساڵەی ڕابوردودا بەردەوام لە کارەساتدا بووە.

زۆر کەس باس لە هەوڵەکانی جولەکە دەدات بۆ سزادانی تاوابنارانی هۆلۆکۆست، بەلام هیچ تاوانبارێکی نازی نەبراوەتە ئیسرائیل یان ئۆردوگا زۆرەملیەکان بۆ لەسێدارەدانیان، بەڵکو لەو شوێنەی دادگایکراون سزاکەشیان ئەنجام دراوە، بەوەش گرەویان بروەتەوە.

من دەنگی خۆم دەخەمە پال دەنی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی هەڵەبجە کە نایانەوێت ئەو کارە لە هەڵەبجە ئەنجام بدرێت، شاری هەڵەبجە پێویستی بە پاککردنەوەیە نەک پیسکردنی زیاتر. کێشەی ئێمە کێشەی نەتەوەیەکی ژێردەست و نیشتمانێکی داگیرکراوە، تۆڵەی ئێمەش تۆڵەی سیاسیە نەک شەخسی.